# یەزدان سیمای جوانی بە ژنان بەخشیوە...بۆچی بە سەرپۆش ڕوخساری دەبێت بشاردرێتەوە!؟

**بارزان شوان**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

ئەو گۆڕانکاریانەی ئەوڕۆ لە ئێراندا دەبینرێن نەبەستراونەتەوە بە ڕژێمە سەرکوتکەرەکەی ئەو وڵاتەوە ، بەڵکو هەڵقوڵانی شۆڕشێکی نەناسراو و نادیارە کە هەر ڕۆژ بەڕۆژ باڵەکانی درێژ دەبن و کۆمەڵگا مەدەنیکەی ئێران بەردەوام بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەیانەوێ ڕووبەڕووی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە ببنەوە، دەستوورە داڕێژراوەکەی سەر بە مەلاکانی ئێران هێندە ئاڵۆزە مەگەر تەنها بە پشتیوانی هەڵبژاردنێکی گشتیەوە بتوانرێت ئەو دەستوورە نەگۆڕە هەڵوەشێتەوە، ئەو هەوڵانەی کە محەمەد خاتەمی سەرۆکی ئێرانی پێشوو دەیویست بەرپای بکات گشتی خرانە ژێر چاڵی خواستی مەلا توندڕەواکانەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەر بتوانن بە زۆردی ئەو وڵاتە بەڕێوە بەرن و بەروبوومی ئەو وڵاتە هەر بۆخۆیان بقۆزنەوە.بە درێژایی ئەو هەشت ساڵەی حوکمڕانیەوە بە جۆرەها شێوە دژایەتی بەو سەرۆکەو دامو دەزگاکەی دەکران، هەرچەندە بەخۆشی نەیتوانی ببێتە زەمینە خۆشکەری هەندێک لە گۆڕانکاریە سەر بە مافە مرۆڤایەتیەکان و گەندەڵی ئیداری سەر بە لایەنە توندڕەوەکانیش هێندە بەهێز بوون کە بەسەر بۆچوونەکانی ئەو سەرۆکەدا زاڵ بوون.هەر لە گەڵ هاتنی ئەحمەدی نەژاد بۆ سەر بەڕێوەبەرایرتی دەسەڵات، قۆناغێکی نوێی توندڕەوی سەر لەنوێ باڵی کێشا بە سەر کۆمەڵگا مەدەنیەکاندا، هەر بۆیە ململانێی وەدەست هێنانی دەسەڵاتی تازە لەو وڵاتەدا هاتە بەرپاوە.

ئەو هێزە پشت بە نەتەوە بەستوەی کە توانی لە ڕێگای سەندووقی هەڵبژاردنەوە ئەو دەسەڵاتە کراوەیە بگۆڕێ، توانی بیروڕاکانی لە نێو گشت گەلانی ئێراندا بسەڵمێنێت و بە سوودبەخش گەڕایەوە بۆ سەر ئەو کۆمەڵە توندڕەوەی کە توانیان دەسەلات بگرنە دەست، تازە ئیدی هەرگیز قەبوولی ئەو بەربڵاویە ناکەن کە گشت بوارە نەتەوەییەکانی گرتبۆوە، ئەو گۆڕانکاریانە هێندە کاریگەر بوون کە بە کاوە خۆ داب ونەریت و پەیڕەوە ئیسلامیەکانی لە کۆمەڵگادا کەم کردبۆوە، ئەویش هەر لەو کاتەوەی کە چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی گۆڕانکاریەکانەوە هەنگاوی درێژیان بۆ بری بوون و بە سوودمەند بۆیان گەڕابۆوەو بەخشێنرابوون، هەر بە بۆنەی ئەو جۆرە بەربڵاوەییە بوو کە بوو بە هۆکارێک بۆ نەبەستنەوەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بە خودی خۆی دیمەنە نەگۆڕە سەر بە شەریعەکانەوە.

ئەو توێژە نوێیەی کە توانیان دەسەڵات بگرنە دەست ، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرفتە سیاسیانەی کە خاتەمی ڕۆژانە گرفتاری ببون و ئیدی خۆیو دام و دەزگاکەی ئەو ماوە زۆرەیان نەمابوو بیر لە چاکسازیە سەرەکیەکانی ناوخۆی کۆمەڵگای ئێران بکەنەوە، لە هەمان کاتدا گرووهە توندڕەوەکان بە هۆی بڵاو کردنەوەی پروپاگەندەی نا دروستەوە، زیاتر توانیان بچنە ناو گرفتە سەرەکیەکانی نێو نەتەوەکانی ئێرانەوەو زیاتر سۆزیان بە و کۆمەڵگایە دا کە کاتێک ئەوان حوکم بگێڕن یەکسەر دەست دەکەن بە چاکسازی و پاک سازی و ئازادی بەربڵاوەیی بۆ چینە جیاوازەکانی گەلانی ئێرانەوە.

هەرچەندە دەستووری ئێرانی دەبێژێت کە لەسەر هەر ژنێک ئەرکە، بە گوێرەی نووسراوەکانەوە هەستن بە لە سەرکردنی لەچک و چادرەوە، بەڵام نەریتە نەتەوایەتیەکان توانیبویان کە باز دەن بە سەر هەندێک لەو نووسراوانەدا، بەو شێوەیە خۆیان ئامادە کرد کە هەستن بە گژ ئەو یاسا داڕێژراوەیەدا. دوا بە دوای ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێرانی لە ڕوانگەی پۆشینی چادورە ڕەش باوەکانی ئێرانیەوە و لە گەڵ گرێدانی ئەو چادرە بە مانتۆ ڕەشباو و ڕەساسیە باوەکانی نێو دامو دەزگا حکومیەکانەوە بۆ ژنان وکچان بەسترابوونەوە ، پۆشینی چادور بە پێی ڕۆژگار ووردە ووردە بەرەو کزبوون دەڕۆیشت و باوی پۆشینی مانتۆ ڕەنگاو ڕەنگەکان بۆ هەر هەموو ژنانی ئێرانی پابەند بە دەستووری دینی و بۆ ئەوانەی کە دوورەپەرێزیش بوون لەو پۆشینە هاتنە کایەوە دەستیان کرد بە پۆشینی ئەو مانتۆ مۆدێرنانە، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کە سازمانە حکومیەکان گشتیان دژ بەو جۆرە گۆڕینە بنەچەییە هەردەم لە کارادا بوون.بۆ دەرچوون لەو چوارچێوە ڕەنگیەی کە بە پۆشینی هەم ئاهەنگیەوە گرێدرابوون، ژنانی ئێرانی بە هاوکاری کارگە درووستکراوەکانی سەر بە دوورینەوە توانیان دەرچن لە چوارچێوەی یەک ڕەنگی و ئیتر چادورو عەبای ڕەنگاو ڕەنگ بە دوورین دران.

ئەو بەرگە نوێیانە پەرەیان سەند و بەرەو بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی نەخشین قۆناغی درێژی هاویشت، بە درێژایی حوکم ڕەوانی خاتەمی ئەو بەرگانە زیاتر بەرەو سفور و قوماشی تەنک تر داهێنەرانە ڕووبەڕوو کران، لە هەمان کاتدا پروپاگەندەکانی توندڕەوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆریان دەکردە سەر چاکسازەکان وە هەوڵیان دەدا کە لە نێو کۆمەڵگادا بەدناویان



کەن و بە چینێکی دژ بە دابو نەریتە ئیسلامیەکان ناویان بەرن، ئەم ڕوانگەیە هێندە کاریگەر بوون تا وەکو پۆشینی مانتۆرە مۆدێرنەکانی ناو خانەوادە توندڕەوەکانیشی گرتەوە. هەرچی سەبارەت بە سەرپۆشەوە بوو دەمانبینی کە هێدی هێدی ئەو پۆشینە گشت سەری ژنانی نەدەگرتەوە بەڵکو هێواش هێواش سەرو مو و گوێیەکانیشیان بە دەرکەوتن.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش خۆ ژنان هەر قورتار نەبوون لە نەپۆشینی سەرپۆش بە تەواوی. هەرچەندە دام و دەزگا حکومیەکانی ئەحمەدی نەژاد دەیان وویست کە نەریتی سەرپۆشی و چادور بۆ سەر ژنان بگەڕێنەوە، بەڵام بەرهەڵستی کردنی ژنان ڕوو بەڕووی ئەو زۆرداریانە پەرەیان سەند و تا دەهات مووی سەری ژنان زیاتر دەردەکەوتن و چادورەکانیش هەر بەرەو تەنک بوونەوە دەچوون و ڕەش کردنی چاو و موکیاج کردنی دەموچاوان بەرەو پێش دەچوون، ژنان زیاتر دەهاتنە نێو باخچە گشتیەکان و گوێگرتن لە مۆسیقای ئێرانی و عارەبی و بیانی هەر لە زۆریدا بوون.ئەوڕۆ کە لە نێو خیابانەکانی تاراندا هاتووچۆ دەکەیت دەبینیت چلۆن ئەو باوەی چادورو مانتۆیانە بەردەوام لە کەم بوونەوەو نەماندان، لە زۆر شوێندا دەبینیت کە ئەو جۆرە بەرگانە بە بەرگێکی ڕەسمی ئیسلامی ناتوانیت لە قەڵەمیان بدەیت.

ئەو خۆپیشاندانەی کە هەندێک لە ژنانی ئێرانی ڕووەو پارلەمانی ئێرانی لە مانگی چواری ساڵی پاردا ئەنجامیان دا دژ بە بەربڵاوەیی پۆشینی بەرگی چادور نەیتوانی ببێتە بەربەستێک بۆ بە قەدەغە کردنی ئەو جۆرە بەرگانە لە نێو خیابانەکاندا، هەرچەندە هەندێک لە پارلەمانتدارانی سەر بە توندڕەوەکان وەک عیمادەالدین ئفروغ پشتگیری ئەو ژنانەیان کرد بەڵام نەبوو بە هۆی ئەوەی کە یاسایەکی نوێ بۆ سەرپۆشین لەو وڵاتەدا بێتە کایەوە. نەژاد لە ووتارێکیدا جەختی لە ئامادە بوونی ژنان کردەوە لە نێو یاریگەکانی ئێرانیدا و ئەو بۆچوونە بووبە هۆی ئەوەی کە گەلێک لە توندڕەوەکانی سەر بە خۆشیی بە دژیدا بچن و ودەنگو سەمەرەیەکی ئێجگار زۆری لە نێو ڕێکخراوە ژنەکانی ئێرانیدا دایەوە، تا ئەو کاتەش کەس نەیدەوێرا هەستێت بە گوتارێکی لەو شێوەیە هەتاوەکو خودی خاتەمیش وێرای بۆچوونی وەهای هەرگیز بە خەیاڵدا نەهاتبوو.

هەرچەندە ڕێبەری گەورەی ئێرانی هەستا بە دەرکردنی بڕیارێک دژ بە بۆچوونەکانی نەژادی، بەڵام گوتنەکەی هێندە کاریگەربوو کە لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا ڕۆژانە قسەکەی لێک دەدەنەوەو، بە هۆی ئەو گوتنەوە جۆرەها باسی بنەما دیموکراتیەکان ڕۆژانە بۆ پشتگیری کردن لە ژنان دەردەچن و بابەتەکانیشی دێنە گفتوگۆ کردن،ئەوڕۆ درێژی مانتۆش دەستکاری دەکرێت و لە کورتبوونەوەدایە و تەسک دەبێتەوەو دەنووسێت بە قەدو لەشولاری جوانی کچانی تازە پێگەیشتووەوە، هەروەها ئەوڕۆ درزێکی درێژیشیان لە نێو ئەو مانتۆیەدا بە هەر دوو لا تەنیشتیەوە بردووەو تا سەر کەمەری ژنان دەڕوات. بۆ تازەهێنانەوەی پۆشینی مانتۆو ڕەنگدانەوەی لە نێو فابریکە جیهانیەکان و جوانی لە بەرکردنیەوە قۆناغی زیاتر بەرەو پێش دەڕوات.

بۆ ئەوەی ووردبوونەوە لە تابلۆی دەرەکی ئەو مانتۆیە سەرنجڕاکێشی ناو جەسەدی ژنان بگرێتەوە وبە پشتێنێکیش کە لە سەر کەمەر دەبەسترێت، ئێرانیەکان دەها شێوەجوانی ئەو بەرگەیان نواندوە کە مانتۆ ببێ بە دوو بەشەوە سەرێکیان بکەوێتە سەرووی کەمەرەوەو سەرەکی تریشیان ژێر کەمەر کەوێت.لەم بۆچوونەدا بۆمان دەدەکەوێت کە میللەتی کورد هەر لە سەرەتای مێژووەوە میللەتێکی نامۆ بوە بە پۆشینی ئەو جۆرە چارچێوانەوەو زیاتر لەوەش بە شەرمیان زانیوە کە دەمو چاو و ڕووی ئاڵی خۆیان لە خەڵکانی سەر بە شارۆچکەکەیانەوە بشارنەوە، شاردنەوەی ڕوو لە کنە کوردان هەر بە کردەوەیەکی شەرمیان ناوبردوە، خۆ هەر لەکۆنەوە کوردان دەڵێن ئەگەر مرۆڤێک ڕاستگۆ بێت و بوێر بێت پێویستی بەوە نابێت کە بە سەرپێچێک خۆی بشارێتەوە.

لە لای هەر هەموومان خویایە کە ژنان و پیاوانی کورد لە کێڵگە و ڕنینەوەی ڕێواز و قارچک و کوارگ و دۆمبەڵاندا شان بە شانی یەکدی ئەو ئەرکانەیان بە جێ هێناوە، بە ڕای زۆربەی ژنانی ڕووناکبیری ئەو سەدەیە دەڵێن کەنگی پیاوان هەستان بە تەواوەتی سەرو گوێچکە و ڕوویان بە جامەدانی پێچ داو لە جەماوەریان شاردەوە، ئەوا ئەو کاتە با ژنانیش چادوور و عەبا لە سەرکەن ، بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین کە بەڕاستی خەریکە یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان خەریکن هاوکێش دەبن.

uvnbas@hotmail.com

## وەڵامێک بۆ کوردستان ئۆنلاین

# ئەمە راستی کێشەکەی نێرگزە

**کەلسوم موراد***

هەواڵێك لە کوردستان ئۆنلاین بلاوبۆتەوە سەبارەت بەوەی کەکچێك بەناوی نێرگز کێشەی هەبوەو پەنای بۆسەنتەری راگەیاندن ئۆفیسی رانیە بردوە لەبەر ئەوەی کە سەنتەر داڵدەی نەداوە کەوتۆتە کۆڵانەکان لێرەوە بەباشمانزانی کە رونکردنەوەیەك لەسەر ئەو حاڵەتە بدەین، بۆ راستیو ناراستی رونکردنەوەکەشمان دەکرێت بەدواداچونی بۆ بکەن.

دیارە سەنتەری راگەیاندنی ژنان ئۆفیسی سلێمانی و هەرسێئۆفیسی سەرقەلاو رانیەو خانەقی کاری سەرەکیان راگەیاندن و روناکبیریەو خانەی داڵدەدانی ژنانی نیە لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تائەمرۆ بەپێی توانا بەدەم ئە و ژنانەوە چوە کە کێشەیان هەبوە ئەمەش لەرێگای بەشی کۆمەلایەتی ئەم سەنتەرەوە کاری بۆکراوە.

نێرگز یەکێك بوە لەوکچانەی کێشەی هەبوە لە مانگی ٧/ ٢٠٠٥ دایکی نێرگز لەگەڵ خوشك و برایەکی هاتن بۆ ئۆفیسەکەمان وتیان کچێکمان بەناوی نێرگز دوو رۆژە لەماڵ دەرچوە، ماڵی هەموو خزمانمان گەراوین نەمان دۆزیوەتەوە. ئەگەر هاتوە بۆلای ئیوە پێمان، بلێین لەبەرئەوەی کە نەهاتبوە سەنتەرەکەی ئێمە هیچ زانیاریەکمان لەبارەیەوە نەبوو، بەلام ناوی چەند ریکخراو سەنتەرێکمان دانێ کە پرسیاربکەن ودوای چەند رۆژێك سەردانی ماڵی براکەی نێرگزمان کردو براکەی ووتی من بە دوایدا گەراوم لەو شوێنانەی کە ئیوە پێتان گووتم دوایی لە سەنتەری نەوا دۆزیمانەوە لەگەڵ خۆمان هێناومانەتەوە، دوای ئەوەی بەلێنم بەسەنتەری نەوا دا کە هیچی لێ ناکەم تەنانەت لێشم نەپرسی بۆچی رۆیشتوە، هەر لەو سەردانەمدا هۆی رۆشتنەکەیم لە نێرگز پرسی، ئەو وتی: من کە هاتە سەرمەوە دوور دەکەومەوە لەماڵەوە، دەنا هیچ کێشەیەکی ترم نییەو براکەم باشە لەگەڵم و وە ئەوە یەکەم جارم نیە کە برۆم.

دوای ئەمجارەش نێرگز وەك جارانی تر دیسانەوە دەرواتەوەو لە رۆژی ٢٠٠٦/٦/١٦ خوشك و دایکی نێرگز هاتنە لای ئێمە بۆهەواڵی نێرگز بەهەمان شێوەی پێشو هیچ زانیاریەکمان نەبوو پاش ماوەیەك لە ناوخەڵکدا بڵاوبۆوە کەکچێك لە گوندی قرەنیاغا شەوانە دێتەوە ناو ماڵەکان و رۆژیش لەدەشت خەڵك دەیبینێ و کە خەڵك دەیبینێ هەڵدێ و وە داوای نان و ئاو لە و کەسانە دەکا کە نایناسن بەپێی قسەی خەڵکی قەرەنی ئاغادوای ١٠ بۆ ١٥ رۆژ لە دەشت و دەریش دیارنەماوە، بەبیستنی ئەم هەواڵە سەردانی ماڵی براکەیمان کرد براژنەکەی بەناوی ئایشە وتی دوێنی کە ٢٠٠٦/٧/٦ لە هەولێر تەلەفۆنمان بۆکرا کە نیرگز لە زینداندایە و ئیستاش دایکی و براکەی و شیخ زەرد کە خزمیکی باوکیەتی چوون بە دوای دا بۆ هەولێر .

*** بەرپرسی ئۆفیسی رانیەی سەنتەری راگەیاندن**

# زەینەبە شێتی چوارقوڕنە داڵدەدرا

**هاوڕێ کاسترۆ**
**رانیە**

دوای بڵاوبوونەوەی بابەتی (من زەینەبە شیتی چوارقورنە دووگیان کراوم) کە بوە هۆی وورو ژاندنی حکومەت و مافی مرۆڤ لە رانیە و ناوەندە رۆرشنبیریەکان و خەڵکی ریش سپی ناوچەکە بۆیە دەرئەنجام رۆژی ٢٠٠٦/٦/١٢ وەفدێکی مافی مرۆڤ لە شاری هەولێر گەیشتە شارۆچکەی چوارقورنە بە ئامادەبوونی بەریوەبەری ناحیەیی چوارقورنەو مافی مرۆڤ لە رانیە و کاك جەمال ریش سپی چوار قورنە (زەینەبە شێتیان) تەسلیم بە مافی مرۆڤکراو هەرهەمان رۆژ گوازرایەوە بۆشاری هەولیر بە شیوەیەکی رسمی جیگایان بۆ دابین کرد بۆیە ئەوەی ماوەتەوە بگوتریت دەست خۆشی بۆ هەفتەنامەی ریوان بۆ وروژاندنی ئەم بابەتە وە خەم خۆرانی خزمەت کردن بە بزوتنەوەی ژنان.